# دانوستانەکانی نێوان سوریا و ئیسرائیل لەبەرژەوەندی تورکیا تەواو دەبێ

بێگومان چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان لەرێگەی دانوستاندن و گفتوگۆوە زۆر لە شەڕو هێرش و پەلاماردان باشترە، چونکە سەرەنجام بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکان هەردەبێ زمانی دایالۆگ سەرپشک بکرێ و لەسەر مێزێک کۆببنەوەو باس لە کێشەکانیان بکەن، بەڵام لەو شتەی کە ئێشتا ناوی نراوە دانوستاندنی نێوان سوریاو ئیسرائیل خوێندنەوەیەکی دیکەی بۆ دەکرێ، لەوانەیە لایەنی دەرەکی لەلایەنەکانی ناکۆک سوودمەندترد بن، ئەمەش بە دیاردەیەکی ئاوارتە دادەندرێ.

لەوەتەی باس لە ناوبژیوانی تورکیا دەکرێ، ئەم پرسیارە خۆی قوت کردۆتەوە: ئایا تورک لەخۆڕاوە دەیانەوێ کێشەی نێوان سوریا و ئیسرائیل یەکلایی بکەنەوە؟! ئایا رژێمی تورکیا کە بانگەشەی موسڵمانبوون دەکات چ بەرژەوەندییێکی هاوبەشی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە تا ئاشتی نێوان سوریا ئیسرائیل لەسەر دەستی ئەودا بە ئاکام بگات؟! ئایا ئیسرائیل چۆن هاوسەنگی لەنێوان ژەنەڕالە رەگەزپەرست و بەناو عەلمانیەکانی تورک و فەرمانڕەوا ئیسلامیەکانی ئەنکارا رادەگرێ؟! ئایا کۆڵەگەی هاوبەشی نێوان سوریاو تورکیا لەچی سەرچاوەی گرتووە؟!

لەوەتەی باس لە دانوستاندنی نێوان سوریاو ئیسرائیل دەکرێ، کۆماری ئیسلامی ئێران کە تا ئێستاش بە دۆست و هاوپەیمانی دیمەشق حیساب دەکرێ، نیگەرانی پێوەدیارەو هەوڵ دەدات وریا دوور بخاتەوە، بەڵام چۆن دەتوانێ رێککەوتنی نێوان سوریای هاوپەیمانی و ئیسرائیلی دوژمنی پەسند بکات؟! ئایا حزبوڵڵاو هاوپەیمانەکانی دیکەی سوریا کە خۆیان بە دوژمنی سەرسەختی ئیسرائیل دادەنێن، چۆن هەڵوێست دەنوێنن و چ رێگەیەک لەهەمبەر سوریا دەگرنەبەر؟!

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دەبێ بە هێواشی لێکدانەوە لەگەڵ هزرو ویژدانی خۆماندا بکەین. تورک بە ژەنەراڵ و ئیسلامیانەوە دەمارگیرو توونڕۆو پاوانخوازن، دەیانەوێ بەهۆی ناوبژیوانی کردنیان لەنێوان سوریاو ئیسرائیلدا کێشەی ئەسکەندەرۆنە لەبیر خۆیان ببەنەوەو بۆ یەکجارەکی مسۆگەری بکەن، راستیەکەشی ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ تورکیا، چونکە لەوەتەی فەرەنسا لە دوای یەکەمین شەڕی جیهانەوە ئەسکەندەرۆنەی پێشکەش بە تورکیا کردووە، هیچ سەرکردەیەکی سوری و عەرەبی بوێری ئەوەیان نەکردووە کە بڵێن ئیدی ئەسکەندەرۆنە بۆتە بەشێک لە تورکیا ناگەڕێتەوە، بەڵکو بەردەوام بانگەشەی گێڕانەوەیان کردووە، تەنانەت راگەیاندنەکانی عەرەبی هەر ناوە ناوە ریپۆرتاژ و راپۆرتی تایبەت سەبارەت بەو شارەو عەرەب بوونی خەڵکەکەی پێشانی جیهانی عەرەب دەدەن و هانی نەتەوەپەرستانی عەرەب دەدەن تا بیر لە گێڕانەوەی ئەو شارە بکەنەوە. کەواتە سوودی تورکیا لەناوبژیوانی نێوان سوریاو ئیسرائیل لەبیربردنەوەی ئەسکەندەرۆنەیەو بەس، لەلایەکی دیکەشەوە دەرفەتێکی باش دێتە ئاراوە تا لەهەمبەر کێشەی کورددا هاوهەنگی بکەن و هاوپەیمانێتی پێکبهێنن. هەرچەندە کە بەدرێژایی هەشتا ساڵی رابردوو هەمیشە رژێمە داگیرکارەکانی پارچەکانی کوردستان بۆ لێدان و دژایەتیکردنی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان هاوکاری یەکتریان کردووە، بەڵام بەناوبژیوانی کردنی تورکیا لە کێشەی نێوان سوریاو ئیسرائیلدا بازنەی ئەو هاوکاریکردنە بەرفراوان و پتەوتر دەبێتەوە. ئیسرائیل وەک هێزێکی بی هاورک لەنێو هەرێمەکەدا دەردەکەوێ، رژێمی تورکیاش بۆ پاسەوانی کردن لە بەرژەوەندەکانی خۆی و ئەمریکا دەستکراوەتر دەبێ، چیتر تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ ئیسرائیلی ناخرێتە پاڵ. ئەگەر فەلەستینیەکان و وڵاتانی دیکەی عەرەبی بۆ خۆیان لەگەڵ ئیسرائیل رێکبکەون، ئیدی هیچ پاساوێک نامێنێتەوە تا وڵاتانی دیکەی ئیسلامی پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیل نەبەستن، چیتر وەکو شورەیی و نەنگی چاو لەپێوەندی نێوان وڵاتانی ئیسلامی و ئیسرائیل ناکرێ. کەواتە دانوساتاندنی نێوان سوریاو ئیسرائیل کۆتایی بەو ململانێیە دەهێنێ کە بەدرێژای شەست ساڵی رابردوودا درێژەی هەبووە. تورکیا لەخەونی کوێخایەتی ناوچەکە نزیک دەبێتەوە. بێگومان هەموومان دەزانین کە هەندێک سیاسەتمەداری ئەمریکا بەتایبەتیش کەسێکی وەکو هێنری کێسینجەر دەخوازێ کە ئەمریکا تەواوی پەروەندەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین رادەستی تورکیا بکات، کەئەمەش لە قازانجی ئێران و وڵاتانی عەرەبیدا دانیە، بەوهۆیەشەوە وڵاتانی عەرەبی لە دانوستاندنی نێوان سوریاو ئیسرائیل گەشبین و خۆشبین نین.

لەلایەکی دیکەوە دەبێ بزانین ئەگەر سوریا لەگەڵ ئیسرائیل رێکبکەوێ، ژمارەیەک دۆست و هاوپەیمان لەدەست دەدات، کە ئەمەش خواستی سەرەکی ئیسرائیل و ئەمریکایە.

ئێران و حزبوڵڵا کە دوو هاوپەیمانی سوریان و حەز بە رێککەوتنی نێوان سوریاو ئیسرائیل ناکەن، دەیانەوێ رێگەی دیکە بۆ خۆپارێزی و بەهێزکردنی خۆیان بگرنە بەر، بەوهۆیەشەوە زۆر لە ناوبژیوانی کردنی تورکیا نیگەرانن، ئەوان دەزانن ئەگەر تورکیا لەم ناوبژیوانیەدا سەربکەوێ، ئیدی دەستی کراوەتر دەبێ و لەلایەن ناوەندەکانی ئەمریکاشەوە پێوانەی گەورەتری بۆ دەکرێ، بۆیە نایانەوێ ئەوبەختەی تورکیا بەربگرێ، تەنیا رێگەش بۆ هەناسەسارد کردنی تورکیا پەشیمانکردنەوەی سوریایە، یاخود مەبەستیانە کە وڵاتێکی دیکە بێتە مەیدان و رۆڵی ناوبژیوان کایە بکات. بەڵام لەم کاتەدا هیچ وڵاتێکی دڵویستی ئەوان پەیدا نابێ، نە فەرەنسا ئەو وڵاتەیە کە هەردووڵایەن واتە ئیران و حزبوڵڵا رەزامەندی لەسەر بدەن، بە روسیاش خۆی بۆ ناوبژیوانییێکی لەوبابەتە ئامادە دەکات.

لەنێو ئەو لێکدانەوانەدا دەبێ بگوترێ کە ئاسۆی دانوستاندنەکانی نێوان سوریاو ئیسرائیل رۆشن نیە، بەڵام رژێمی سوریا بۆ دەربازبوونی لەو تەنگژەو کێشانەی کە تێی کەوتووە پەرۆشانە چاوی لە ئاشتی لەگەڵ ئیسراییل بریوە.

چاودێران پێیانوایە کە هەموو لایەنەکان، واتە تورکیاو سوریاو ئیسرائیل لەم کاتەدا زۆریان پێویست بە سەرکەوتنی دانوستاندنەکان هەیە، هەرچی ئیسرائیلە دەیەوێ لە کێشەو گرفتەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی رزگاریی ببێ، هەرچی سوریایە گەرەکیەتی تەنگژەو قەیرانەکانی ئێستای بە رێککەوتن لەگەڵ ئیسرائیل پەردەپۆش بکات، هەرچی تورکیاشە مەبەستیەتی بەهۆی ئەو دانوستاندنەوە رۆڵ و کاریگەی خۆی لەناوچەکە بە ئەمریکاو وڵاتانی دیکەی جیهان پێشان بدات. کەواتە هەموویان گرەو لەسەر بەرژەوەندی دەکەن، بەڵام براوەی سەرەکی تورکیا دەبێ، هەم کۆتایی بە کێشەکانی لەگەڵ سوریا دەهێنێ، هەم پێوەندیەکانی لەگەڵ ئیسرائیل حەڵال دەکات، هەمیش سەرنجی ئەمریکا بەلای خۆی رادەکێشێتەوەو خۆی باڵا دەست دەکاتەوە.

**هێمن سەراوی**

# با هەموومان پشتیوانی لە داواکەی چاک بکەین

ناوەندی چاک زۆر شێلگیرانە داوای دادگەییکردنی ئەو کوردانە دەکات کە لە ئەنفالکردنی کوردستانیاندا رۆڵیان هەبووە، بەواتایێکی دیکە ئەوانەی کە ساڵی ١٩٨٨ پیاوی رژێمی بەعس بوون و هاودەستی داگیرکاریان کردووە بۆ بەڕێوەبردنی شاڵاوی ئەنفالکردنی مرۆڤ و بەسووتماکردنی کوردستان.

ناوەندی چاک دەیان جار ئەو داوایەی کردووە، یان کەمپینی بۆ پێکهێناوە، تەنانەت لەو ڤرک شۆپەی کە ٢٧-٦-٢٠٠٨ لە هۆڵی ئۆسکاری شاری کەلار بەڕێوەچوو، جارێکی دیکەش نوێنەری **چاک** باسی لە دادگەیکردنی جاشەکان و حالەتی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان کرد، داوای کرد هەموو ئەو ئیمتیازات و پاسەوانانەی کە لە لایەن بەرپرسانی حوکمیەوە بە موستەشارو تاوانبارەکان دراوە، لێیان بسەنرێتەوە.

ئەم داوایەی چاک نەک هەر داوایێکی راستین و بەجێیە، بەڵکو داوایێکی رەوایەو دەبێ بەهێند وەربگیرێ، بەڵام ئایا بۆچی تاوەکو ئێستا لایەنی پەیوەنددار خۆی لەم داوایە دەبوێرێ و ئاورێکی لێناداتەوە؟!

ئەو موستەشارانەی کە خەڵکی کوردستانیان رادەستی سوپای بەعس کردووەو دواتریش رەوانەی چاڵەکانی مەرگ کراون، زۆربەیان نەک هەر رادەستی دادگە نەکراون، بەڵکو رێزیان لێ دەگیرێ و بەبەرچاوی بنەماڵەی قوربانیەکانەوە دەسوڕێنەوەو پاسەوانی تایبەتیشیان بۆ دابین کراوە، ئەمەش برین و داخەکانی پاشماوەی ئەنفالکراوەکانی گەورەتر و زامدارتر کردۆتەوە، بەتایبەتیش ئەو کەسەی کە میری ئەنفالچیان ناوبانگی دەرکردووە، دەستەڵاتێکی زۆری لە ناوچەی گەرمیاندا پێدراوەو ناز بەسەر کەسوکاری ئەنفالکراوەکانەوە دەکات.

وەک دەبینین کە تاوەکو ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاورێکی لە داواکەی ناوەندی چاک نەداوەتەوە، وەک ئەوەی بە ئەرکی سەرشانی خۆی نەزانێ کە تۆمەتبارانی شاڵاوی ئەنفال رادەستی دادگە بکات، بەوهۆیەشەوە تا ئەمڕۆ وێڕای ئەوەی کە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان زۆر شێلگیرانە پشتگیری لە داواکەی ناوەندی چاک دەکەن و هیواخوازن کە دادگەییکردن و سزادانی ئەو تاوانبارانە بەچاوی خۆیان ببینن، بەڵام بەشێوەیەکی بەرفراوان لەنێو رۆشنبیران و وڵاتپارێزان و لایەنە سیاسیەکانی دیکەدا پشتیوانی لێبنەکراوە، ئەمەش ئەرکی مێژوو قورستر دەکاتەوە. رۆشنبیران و وڵاتپارێزان و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بانگەشەی وڵاتپارێزی و نیشتمانپەروەری و کوردایەتی دەکەن، ئەی باشە بۆچی پشتیوانی لە داواێکی رەوای لەو بابەتەدا ناکەن؟! ئەمە نەک هەر پرسیارێکەو بەس، بەڵکو پێویست بە شرۆڤەکردنێکی زانستیانە دەکات.

ئەگەر تەماشا بکەین کە زۆرتر ئەوانەی پشتیوانی لە داواکەی ناوەندی چاک دەکەن، یان رۆشنبیران و بنەماڵەی ئەنفالکراوەکانن کە لەنێو کوردستاندا دەژین، یان ئەو مرۆڤانەن کە لە دەرەوەی کوردستاندا دەژین. هەرچەندە سەرکردەی رێکخراوە سیاسیەکان و لایەنە سیاسیەکان لە لێدوان و قسەکانیاندا باس لەبابەتێکی هاوشێوە دەکەن، بەڵام بەکۆنکرێتی و بەکردەوە خۆیان لەو باسە دەبوێرن، ئەمەش رۆشنبیرانی دووچاری نیگەرانی کردووە. بۆ دەبێ لایەنە سیاسیەکان و سەرکردە تێکۆشەرەکان پشتیوان لە داواێکی ئاوا رەوادا نەکەن؟! ئایا ئەوانیش چاویان لەوەیە کە ئەو تۆمەتبارانە بچنە لای حزبەکانیان و ببن بە ئەندامی ئەوان؟! یاخود لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان پێبدەن؟!

گومانی تێدا نیە کە تاوانباران لەسەر هەموو پەتێک یاری دەکەن و دەیانەوێ دڵی هەموو سەرکردەو حزبێک رازی بکەن و وایان تێبگەیەنن کە لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان پێدەدەن، بەڵام ئەمە درۆیێکی ئاشکرایەو هەموویان هەستی پێدەکەن، چونکە مرۆڤ یەک دەنگی هەیەو دەشتوانێ تەنیا بۆ یەک حزب یان یەک لیست دەنگ بدات، دواتریش نابێ دەنگدان و دەنگ وەرگرتن ببێتە پاساوێک بۆ رادەستنەکردنی تاوانباران و پشتیوانی نەکردن لە داواێکی رەواو نیشتمانیدا.

بێگومان داهاتوو سەرەداوی هەموو ئەو نهێنی و گومانانە ئاشکرا دەکات و پێمان دەڵێ کێ بوون کە پشتیوانیان لە داوا رەواکەی ناوەندی چاک دەکرد و هەوڵی دادگەییکردنی تاوانبارانیان دەداو کێش بوون کە چاوی خۆیان لێدادەخست و دڵدەی تاوانبارانیان دەدا.

پێموایە ئەگەر ناوەندی چاک و دڵسۆزانی کێشەی ئەنفالکراوەکان شێلگیرانەتر پێ لەسەر داواکەیان دابگرن و هەوڵ بدەن کە خەڵک بێتە سەر شەقامەکان و بەدەنگی بەرزتر داوای رادەستکردن و دادگەیی کردنی تاوانباران بکەن، لەوانەیە بەرپرسان و ئەوانەی کە پشتیوانی لە تۆمەتباران دەکەن لە دڵدەدانی تاوانباران بکشێنەوەو چیتر داکۆکیان لێنەکەن، ئەگەر بێ پشت و پەنا بمێننەوە، ئەوکات رادەستکردن و دادگەییکردنیان کارێکی ئاسان دەبێ و فێنکایی بە دڵی پاشماوەی ئەنفالکراوەکاندا دێتەوەو ویژدانیان ئاسوودە دەبێ و گیانی ئەنفالکراوەکانیش بێ خەم لە لووتکەی نەمریدا دەمێننەوە.

**شێرزاد چەمچەماڵی**

Sherzad-baz@hotmail.com

# کەرکوک بەرەو کوێ؟!

دوای ئەوەی ٥٨ و ١٤٠ ناکام مانەوەو دۆسێی کەرکوک بە دیمستۆرا سپێردرا، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە لە خۆمان بپرسین و بڵێین کەرکوک بەرەو کوێ؟

ئەوەی ئەمڕۆ لەبەرچاوان دیارە، کەرکوک بێ پشت و خاوەن ماوەتەوەو بەگورگان سپێردراوە، ئەمەش لەگەڵ خواست و داواکانی خەڵکی کوردستان و ئاستی قوربانیەکاندا نایەتەوە. ستەمکردنێکی ئاشکرایە و لە مێژووی کەرکوک و پێناسەکەی دەکرێ.

هەرچەند دەبێ تا پێشنیارەکانی دیمستۆرا سەبارەت بە کەرکوک دەخرێنە روو، چاوەڕێ بین و لەسەر هێڵی ئاگر دابنیشین، بەڵام وەک دەڵێن مانگەشەو سەر لە ئێوارە دیارە. ئێستا سەر لە ئێوارەی پێشنیارەکانەو مانگی کەرکوکیشی لێ وەدیار کەوتووە. دیمستۆرا کە نەوێرێ پێشنیاری گەڕانەوەی هەموو قەزای مەخمور بۆ سەر پارێزگاری هەولێر بکات کە تەنیا ٩ ساڵ دەبێ لە پارێزگاری هەولێر دابڕێندراوە، کێشەکەشی زۆر ئاسان و لاوەکیە، ئەی چۆن دەتوانێ پێشنیار بۆ گەڕانەوەی کەرکوک بکات؟

ستیڤان دیمستۆراو لایەنە عەرەبی و تورکیەکان یاری کات کوشتن بەڕێوەدەبەن، ئەمەش لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە زۆر بە ئاشکرایی هەستی پێکراوە. توندو خاوکردنەوەی پێوە دیار بووە، هەمیشە لایەنێک توندڕۆیانە خۆی لە کێشەی کەرکوک هەڵقورتاندووە، لایەنێکی دیکەش لە پشتی پەردەوە پشتیوانی لێکردووە، کوردەکەش خۆی و توانای خۆی بووە.

ئێستا خەڵکی کوردستان لەبەردەم دوو رێیانێکی چارەنووسساز دایە، ئایا پێشنیارەکانی دیمستۆرا پەسند دەکات و کەرکوک بە قەزاو قەدەر دەسپێرێ؟ یان خاوەنداریتی لە کێشەی کەرکوک دەکات و راشکاوانە دێتە مەیدان و پارێزگاری لێدەکات؟! تەنیا ئەو دوو شێوازەش کاریگەری لەسەر داهاتووی کەرکوک دادەنێن.

ئەگەر خەڵکی کوردستان چاویان لە پێشنیارەکانی دیمستۆرا بێ و پێیانوابێ کە رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان کێشەی کەرکوک یەکلایی دەکاتەوەو ماف بۆ خاوەن ماف دەگێڕێتەوە، بەهەڵە لە هاوکێشە سیاسیەکان تێگەیشتووین، ئەگەر پێشمان وابێ خۆمان رۆڵ و کاریگەرمان نیە، دیسانەوە بەهەڵە دا دەچین، چونکە بریاری یەکەمین و کۆتایی لە دەست خەڵکی کوردستان بەتایبەتیش لە دەست خۆی کەرکوکیەکان دایە، ئەمەش پێویستی بە هاوهەنگی و هاوکاری و پشتیوانی هەموو کوردستانییێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر دەکات. تا دیمستۆرا رەورەوی کێشەی کەرکوکی بەرەو بەغدا لێنەخوڕیوە، با خۆمان جڵەوەکەی لەدەست دەربێنین و بەرەو کوردستان بیهێنینەوە.

**قاسم کەرکوکی**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com